# کوشتنی واقیع

## گفتوگۆ لەگەڵ ژان بۆدریار



سازدانی:
ئەنتوان بارۆ

*** مادام لە مانگی یەکداین، واتای چییە لە ساڵی 2006دا، پیرۆزبایی سەری ساڵ پێشکەش بکەین؟**

- یەکەم، ئەم سروتە ڕەمزییە لەلایەن کۆمەڵێکەوە پەیڕەو دەکرا لە کۆنتێکستی پرۆسەیەکی خۆبەخۆی پەراوێزیدا، وەکو ئەو ڕۆژنامانەی دەخرانە بەردەستی موسافیرەکان، یان دیارییەکانی دامەزراوەیەک. من لە ئاڵوگۆڕی ڕەمزییەوە دەستم پێکرد بەو جۆرەی کە کۆمەڵناس و ئەنترۆپۆلۆژیست «مارسێل موس» لە کتێبی «نامەیەک دەربارەی دیاری» (1924-1923)دا وەسفی کردووە؛ دەکرێت پاشماوەی هەموو ئەمانە لە کارتی پیرۆزباییدا جیا بکەمەوە. ئەم کارتی پیرۆزباییە دەکرێت یەکێک بێت لە سروتەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بۆماوەکان کە دەسەڵات و هێزی خۆی هەبوو. بەڵام لەمڕۆدا گۆڕاوە و بووە بە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەستکرد، کە بە بێ ئومێد دەست بە دووبارە خوڵقاندنەوەیەوە دەگرین لە ڕێگەی نیشانە بێ کاریگەرییەکانەوە، سروشتەگەلێکی خاڵی لە واتا. ئێمە نیشانەکان دەگۆڕینەوە بە بێ ناوەڕۆک، وێڕای ئەو ڕەنگە کەرنەڤاڵییە ڕووکەشییە هەندێک تەقەشوفییەی کە کارتەکانی پیرۆزبایی هەیانە، کە گریمانەی هەر گرێبەستێک دەکات. جا کاتێک پەیوەندییەکان بەرەو ئەم جۆرە لە بوونی ڕووکەش و دوور لە ئامانجە ڕاستەقینەکانیان دەڕۆن، ئیدی بوونیان دەبێتە بوونێکی بێ سنوور.

*** بیر لە چی دەکەیتەوە؟**

- بە کردەیی لە بیرکردنەوە لە بەکاربردنەوە دەستمپێکرد، چونکە ئەمە دیاردەیەکی گشتگیرە. بەرهەمەکانی بەکارهێنان تەنیا کردەیەکی زەروری و ناچارییانە پێکناهێنن، بەڵام قەڵەمبازێکی زەینییش دەروست دەکەن. دوور لە مەملەکەتی زەرورەتی خۆمان لەبەردەم میکانیزمێکدا دەبینینەوە کە خۆبەخۆ کار دەکات. ئێمەیش هەڵگر و گرەوەکانی ئەم میکانیزمە دەنوێنینەوە. ئێمە چیتر بکەر و بەرهەمهێنەر نین، بەڵکو بووینەتە بەکاربەر: پێداویستی و ئارەزوو لەنێو چووە، ئەوەی دەزگای بەرهەمهێنان بەرهەمی دەهێنێت دەبێت بەکاربرێت. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە شوێنکەوتەی ئەم سووڕە ناچارییە. ئەمەیش تەفسیری هۆکاری ئەوە دەکات کە بۆچی من گوزارەی «ئاڵوگۆڕی گشتگیر»م لە گوزارەی «بەکاربردن»ـێک پێباشترە کە زیاد لە پێویست پەیوەستە بە بەهای بەکارهێنانەوە کە تێپەڕێنراوە. ئێمە لە قۆناغی بەهای نیشانەدا دەژین: ئێمە بەشێوەیەکی میکانیکی نیشانەکان بەکاردەبەین.



**ئێمە چیتر بکەر و بەرهەمهێنەر نین، بەڵکو بووینەتە بەکاربەر: پێداویستی و ئارەزوو لەنێو چووە، ئەوەی دەزگای بەرهەمهێنان بەرهەمی دەهێنێت دەبێت بەکاربرێت. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە شوێنکەوتەی ئەم سووڕە ناچارییە**

*** پاشـان، وەك تـۆ دەڵێیـت: ‹‹نازانیـن چـی لـە جیهانـی واقیعـی بکەیـن و بـە گشـتی نازانیـن ئـەم پاشـماوانە چ زەرورەتێکیـان هەیـە کـە بوونەتە بارێکـی قـورس بەسـەر دەروونـەوە››.**

- ئـەوەی ون دەبێـت بنەمـای واقیعـە. لـەو چرکەسـاتەوە کـە چیـتر واقیـع ئامـاژە بـە هـۆکار یـان ماقووڵییـەت یـان مەرجـەع یـان بەردەوامێتـی زەمـەن یـان مێـژوو نـاکات، لـەو سـاتەوە کـە چیـتر دەسـەڵاتێکی دیکـە (ترانسـێندنتاڵ یـان خودایـی) بـە مەرجەعـی خۆمـان دانانێیـن، نازانیـن چـی لـە واقیعـی ماتریاڵیـی خـام بکەیـن. واقیـع پێویسـتی بـە دەسـتەبەرێکە تاوەکـو هەبێـت. نموونـەی جەسـتە، کـە یەکێکـە لـەو واقیعـە بەراییانـەی کـە هەمانـە و ئێمـە خاوەندارێتـی لێدەکەیـن. وامـان لێهاتـووە بەشـێوەیەکی ڕوولەزیـاد گرنگـی بـە جەسـتە دەدەیـن لـە ڕێگـەی تەندروسـتی و خۆشـگوزەرانی و ڕابواردنـەوە، کەوتووینەتـە هـەوەسی جەسـتەمانەوە، بـەڵام چیـتر نازانیـن چـی لـێ بکەیـن. ئەو کاتـەی بڕوامـان بـە دەروون هەبـوو، لـە ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی فیکریـی نێـوان دەروون و جەسـتەدا دەژیایـن. بـەڵام لەمـڕۆدا چیـتر جەسـتە ڕەگەزێکی



ڕەمزیی نییە، بەڵکو تەنیا بۆتە ئامرازی گواستنەوەی ڕۆژانە، کاتێک بە شاشەیەکەوە شەتەک نەدرابێت.

*** نووسیوتە: دژ بەوەی وتراوە (واقیع دەمێنێتەوە، هەموو گریمانەکان بەرەو واقیع دەڕۆن) واقیع پتەو نییە و شیمانەی ئەوەی تێدایە بەرەو فەوزا داگەڕێت.**

- «مارک ئۆگۆ»ی ئەنترۆپۆلۆژیست، یەکێکی ترە کە ڕایدەگەیەنێت واقیع چیتر هیچ هۆکارێکی دیکە بۆ بوونی نییە جگە لە دووبارەکردنەوە یان پەرشوبڵاوبوونەوە. ئەو ئاماژە بە هیچ هۆکارێک ناکات کە لەودیوی واقیعەوە بێت، لەبەرئەوە واقیع ناچار بە زۆربوون و دووجابوونەوە و کۆپیکردنەوەی خۆی بووە، وەکو جەستەکان و ئایدیاکان. لەو ساتەوەی کە چیتر مەبەست، ئامانج، باڵایەتی نەماوە، شتەکان دەسپێردرێتە قەدەرە حەتمییەکەی خۆیان، ئەویش هیچ نییە جگە لە زۆربوونی بێ سنوور. لەم حاڵەتەدا بە دوو واتا شتەکان هیچ کۆتاییەکیان نییە: واتە، چیتر شتەکان هیچ ئامانجگەراییەکیان نییە، لە هەمان کاتیشدا وا دەردەکەون هیچ کۆتاییەکیان نییە. بۆ یەکجار و بۆ هەمیشە فڕێدراونەتە بازنەیەکی بەتاڵەوە. پاشان دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە جیهانی ماتریاڵی تەنیا وەهمێکی پەتییە بە واتا وردەکەی وشەکە: جیهانی ماتریاڵی شتێکە بەشێوەی زەینی بەرهەمی دێنین، شتێک کە هیچ پاساوێک پشتیوانیی لێناکات. ناتوانین ئەو بۆچوون و وێنایانەی هەمان بگەڕێنینەوە بۆ حەقیقەتێکی کۆتایی و پاشانیش بۆ واقیعێک. ئەمە قڵپبوونەوەی مەسەلەی خەیاڵکردنی بەردەوامی بوونی واقیعە. دەتوانین بەڕووی میتافیزیکادا هاوار بکەین، بەڵام لەمڕۆدا هەموو بەرهەمە سینەمایی و هەموو ڕۆمانە ئەدەبییەکان لە دەوری ئەم هەوا و هەوەسە بە کۆمەڵە دەسووڕێنەوە: ئایا لە جیهانی واقیعیدا دێینە بوون؟ ئایا هەموو شتێک بەرەو مەجازیبوونەوە ناڕوات؟

*** کەواتە ئایا لەسەرمان پێویستە واقیع ڕزگار بکەین بەو جۆرەی کە لە «تاوانی پێرفێکت»دا نووسیوتە؟**

- من پێشنیاری ئەوەم نەکردووە: من لەبەرەی هەوا و هەوەسێکی بە کۆمەڵەوە دەدوێم کە تێیدا ئێمە هەتابێ زیاتر تەکنیکە نا-واقیعییەکان بەرهەم دێنین، لە هەمان کاتیشدا هەوڵدەدەین هێزی ڕاکێشان و قورسایی، ئامانجی بوون دابمەزرێنین. دژ بە نەمان، دژ بە توانەوە لە فەزای مەجازیدا، دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵەی کە تێیدا هێشتا واقیع بوونی هەیە. دژ بە پێدراوی جیهانیی نوێی تایبەت بە ئاڵوگۆڕی گشتگیر، ڕەنگە پێویست بێت بگەڕێینەوە بۆ بنەمای واقیع. بەم شێوەیە، لە ڕێگەی دۆڕێک پارادۆکسەوە، دەگەمە ئومێدی دووبارە گەڕانەوەی سەنگی سەرمایە دژ بە شتێکوی خراپتر لە سەرمایە. هەموو بیرکری ڕەخنەیی دژ بە سەرمایە ئاراستە بووە، دژ بە ئایدیۆلۆژیای کاڵا. لەمڕۆدا ئەم فیکرە ناتوانێت هیچ شتێک بەرامبەر نەزمی نوێی جیهانی بکات. ڕەنگە فۆرمی سیستەمی سەرمایەداری تاکە هەڵ بێت لەبەردەم ئەو نا-واقیعیەتە دڵڕەقەدا کە لە هەموو شوێنێک چاوەڕوانمان دەکات.